کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-11-2007 19:43بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**شەوێک لەژێر سێبەری باران ... بەشدار خالید**

ڕانیە

ئێوارەیەکی پەمەیی بوو
ئەوکاتەی پەردەی ڕەشترین مێژوو

بەدەست بەرائەتی نیشتمانێك هەڵدرایەوە
تۆ تاقە سواری نێو ئاپۆرای هیواکان بووی
هەر تۆ
هێمای گەش بوونەوەی گوڵەکانمانی ئەو دیو پەرێز بووی
دەم نادەمی...
لاربوونەوەی تەمەنت لەدوو توێی دەستی قەدەردا قەتیس دەکرد
تۆ بەهێمنییەوە پێکەنینی پایزت گێڕایەوە و ووتت
وەرن بالەسەر بوردەی دووڕوویی باوە
فێری ماچ ی ئەوین بین
هاوڕێم وادەی ئاشنا بوونت هێندەی تەمەنی گوڵاڵە سورە کورتە
بەڵام هەموان لەتۆوە فێری ووتنەوەی وانەی جوانی بووین
هاوڕێم ئەوشەوەم هەرگیز بیرناچێتەوە
کەپێکەوە گوێمان بۆڕازە کریستاڵیەکانی باران گرتبوو
بیرتە چەترە شکاوەکەم گریاو گیپانمان
تنۆك... تنۆك
غایشی مەراسیمی دوا شەوی نیشان ئەدایین
هاوڕێم.. مژدەت لێ بێ پرتەقاڵەکە ماوە
قەتیش ناخوری
چونکە بوو بەزنجیرەی بەکۆتابوونی شەوە تەریوەکە
بیرتە هیچمان لەوهەموو ئەسرینەی خوا تێنەگەیشتین
بەڵام دوا جار تۆ پێت وابوو لەودویو پەنجەرە ژەنگ گرتوەکانی ئاسمانەوە
ئیتر جوانیەك بۆ ئەو گەلە دەبێت لەدیك و لە ئێستاوە ناوی نراوە هیوا
هاوڕێم ئەوشەوە نامرێ هەرگیز
چونکە لەژێر سێبەری باراندا خەونەکانمان بەش بەش دەکرد
کاتێکیش کە تۆ ویستت جیا بیتەوە
قەدەری چلێس لە سوچێکی لەخاچ دانی خەندەکاندا
خۆی مات دابوو
من نەمزانی!
چونکە ئەو قەدەرە زادەی ڕێکەوتێکی نەزانزاو بوو
تۆ چۆن خۆت دایە دەست ڕێکەوت هاوڕێ.. ؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
14-11-2007 19:43بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
ئەی پێت نەوتم.. نەکەی
ڕێکەوت خەونەکانمان لەهەورازی بێ هیوای تورِ هەڵدەدا
کاتی هەواڵی دوا ساتەکانی ئاوابوونی تەمەنمان بیست هاتین..
هاتین تا بەچاوی خۆمان گوزارشت لەیاریەکانی
قەدەری قێزەون بکەین
هاوڕی تۆ ئەوسا لەپەپوولەیەکی خەوتوو ولەماسیەکی سەرئاو کەوتوو
ئەچووین، کەهاتین
بەکۆڵێك خەمەوە لە پیرەمەگرون گیرساینەوە
هەموان باوەشیان والاکرد
تەنیا تۆ بەخێرایی تێپەڕیت و گوێت بەهاتنمان نەدا
ناشێ.. ؟ لێمان زووير بيت
نا... نا پێدەچوو سەرتۆپی کاروانێکی دووربیت
ویستت سەر خەوێکی سەوز بشکێنی و
بەپرتاوێك لەو ژینە کولەمەرگیە وون بیت
هاوڕێم ئێستا ماڵی خوێندن خامۆشە خامۆش
نەنیقاشە هێمنەکانی هێمن و
نە پێکەنینە پڕ ئەسرینەکانی تۆ
نەپەیڤە نەستەقەکانی ئەو
نەختۆکە سحراویەکانی تۆ
گەر ڕێکەوت وای هێنا هاتیتەوە
زوو وەرەوە چاو لەرێتین
فێرمانکە چ دەرسێکە
لە ولاتی دەردو درۆدا
عیشق و قوربانیدانت چۆن پێناس کرد
ئەگەر هاتیەوە
ئەکید بە
هێشتا ئەوین مەودا دەدات
بەڕاستگۆیی جوان بنیەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.